# بواری ئازادی ڕۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستان گەلێک تەسکە

بەشیر سەبری بۆتانی، سوید
hunername@hotmail.com



من لە سوێد دەژیم و پەیوەندییەکی باشی هونەریم لە گەڵ سویدی، ئیسرائیلی و فەلەستینییەکان هەیە و دەربارەی ڕەوشی ئازادی، ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی لە سوید و ئیسرائیل بۆ برادەرانی ئازادیخواز، ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان گەلێك جار باسم کردووە، کە بۆ ئەوەی سوودێکیان لێ وەرگرن. کەچی ئەوان ڕەتیان کردەوە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە زۆربەیان بوونە بە سیاسی بۆ ئەوەی لە ڕاگەیاندنی کوردیدا پۆستێکیان بەرکەوێ... ئێدی هەر پێویست نییە باسی ڕەوشی فەلەستینییەکان بکەم.

وەك دەزانرێ کە ناوەڕۆکی بابەتەکانی من بە گشتی لە سەر هونەرە کوردییەکانە و بە تایبەتی لە سەر سترانی کوردییە، دیسان سانسۆر لە هەرێمی کوردستان هەیە. ئێدی ئەگەر زۆربەی وتارەکانم سیاسی بان، یان من لە گەڵ ئۆپۆسیسیۆنێك بام، ئەوسا حیسابێکی دیکەیان بۆ دەکردم. بۆیە من هەست دەکەم کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەك دەستەڵات بە شێوەیەکی گشتی چەند هێڵێکی سوور و چەند دیوارێکی بەرزی لە بەر ڕێگای نووسینەکانی ئازاددا داناون.

باش لە بیرمە کە من لە ساڵێ 2006 دا لە هەرێمی کوردستان بووم، ئەو کاتە بەرپرسیارێکی حیزبی سڵاوی لە پیاوەك کرد و بە منی ناساند و گۆتی: کاك بەشیر ئەم پیاوە خەباتکارێکی کۆنە و هەڤاڵی باوکت بوو، ئەگەر دەمی خۆی دابخا، دەبێ بە وەزیر. پیاوەکەش گۆتی: ئەگەر وەزیرێك دەمداخراو بێ، ئایا ئەمە چ جۆرە کەسایەتییەکی لێدەردەچێ و ڕەوشی میللەتەکە و وەزارەتەکەی چۆن دەبێ؟ بۆیە ئەنجامی داخستنی کۆڤاری بزاو بۆ من سەیر نەبوو و "ئەڤ لێ لێ یە و هێشتا لۆ لۆ مایە" و دە با بزانین دەربارەی ئازادی ڕادەربڕین دەبێ بڵێین چی؟

من لەم ڕۆژانەدا دیدارێکم لە گەل سترانبێژ دانیێل عەزریم ئامادە کردووە کە بە حەسەن زیرەکی ئیسرائیل بەناوبانگە. ناوبراو ئەوەندە ڕەخنەی زۆر و جۆرا و جۆری هەبوو، ئێدی من پێم گۆت: تۆ وەك حەسەن زیرەکی کوردستان گەلێك ڕەخنەت هەیە، بۆ؟ منیش قبووڵم نەکرد، چونکە منیش بە پەروەردەیەکی ئاوها لە هەرێمی کوردستان فێر کراوم کە کوردستان وەك سوێد و ئیسرائیل نییە. واتە من دەمی ئەوم بەستەوە و قەڵەمی خۆمم شکاندەوە. هەر لێرەدا دەردەکەوێ کە بواری ئازادی ڕۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستان گەلێك تەسکە.

بە ڕاستی زۆربەی ڕۆشنبیران، ڕۆژنامەنووسان و ئازادیخوازانی هەرێمی کوردستان بە شانازییەوە دەبێژن کە ئێرە هەرێمی کوردستانە! ئێرە سوید و ئیسرائیل نییە! کەچی بە داخەوە کە مافی من نییە بڵێم هیوادارم کوردستان وەك سوید و ئیسرائیلی لێ بێ.